عەلی قەرەداغی داوا دەکات کە لوبنان و غەززە نەبنە "نێچیر" بۆ نەتەنیاهۆ و ئیسرائیل



سەرۆکی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان، عەلی قەرەداغی ڕایگەیاند کە پێویستە لوبنان و غەززە وەک "نێچیرێک" بۆ ئیسرائیل، بەجێ نەهێڵدرێن و داوای کرد کە هەمووان یەکریزبن دژ بەو کارەی کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو و هاوەڵانی ئەنجامی دەدەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت ئەمڕۆ دووشەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل زنجیرەیەک هێرشیان کردەسەر ژمارەیەک ناوچەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی لوبنان و لە ئاکامدا، 50 کەس کوژراون و 300 کەسی دیکەش برینداربوون.

عەلی قەرەداغی لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە: "ئەوەی ئەمڕۆ لە لوبنان ڕوودەدات کە بەهۆیەوە خانووی هاووڵاتیان ڕووخاوە و خەڵکی زۆری مەدەنی کوژراون، دەستدرێژییەکی ترسناکانە و بێ شەرمە"، ڕاشیگەیاندووە: "ئەوەش بەشێکە لە سیاسەتی ناتانیاهو و دارودەستە ڕاستڕاوە توندئاژەکانی بۆ فراوانکردنی ئیسرائیل لە قودس، کەناری ڕۆژئاوا، غەززە و بەشێک لە خاکی لوبنان و ئوردن دەگرێتەوە".

باسی لەوەشکردووە: "ناکۆکی ئەمە لەگەڵ سیاسەتی هەندێک لایەنی لوبنان یان فەڵەستین، مافی ئەوەمان پێنادات کە پاڵپشتی لە هەر دەستدرێژییەک بکەین کە گەلان بکاتە ئامانج، هەروەها نابێت بە هێرشکردنە

سەر گەلانی لوبنان و فەڵەستین لەژێر هیچ بیانوویەکدا، دەخەش بین".

ئەوەشی خستووەتەڕوو: "بە ئەمە دروست نییە کە لوبنان یان غەززە وەک نەچیرەکی ئاسان بۆ ئامانجکردن و دابەشبوون ، لە پەناو ناکۆکیی تائیفی یان سیاسیدا بەجێبهێڵین، چونکە دوژمن لە لە جینۆسایدکردنی موسڵمانان، و هەرکەسێک لەگەڵیان نەبێت دژی جوولەکە بێت، جیاوازی ناکات".

هەروەها سەرەکی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان، عەلی قەرەداغی ڕاشیگەیاندووە: "ئەوەی لە شەریعەتدا داوایکراوە، ئەوەیە کە هەمووان دژبە پڕۆژەی زایۆنی لە وڵاتەکدا، یەکگرتووبن".

داوایشی کردووە کە لووتکەیەکی عەرەبی ئیسلامی بەپەلە بۆ تاوتوێکردنی دەستدرێژییەکانی زایۆنی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان، ئەنجام بدرێت.

عەلی قەرەداغی ئاماژەی بەوەشداوە: "عەرەب و موسڵمانان، کارتێکی زۆریان هەیە کە دەتوانن بۆ وەستاندنی دەستدرێژییەکانی زایۆنی بە سەر غەززە و لوبنان بەکاری بهێنن، لەوانەڕاگەیاندنی بڕینی نەوت و غاز، پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ قەوارەی زایۆنی".